پیاوی کورد هەڵگری هەموو بەها مرۆڤایەتییەکانە

ئیلیان کەریم

هەر وشەیەك لەزار دێتە دەر رەنگدانەوەی عەقڵی مرۆڤە, ئیدی ئەو عەقڵە دۆگمە یان کراوەیە ئەوە دەکەوێتە سەر دەوڵەمەندی عەقڵ بەمەعریفە خۆگەر ئێمە زۆربایەخیش بە مەعریفە نەدەین ئەوا دەکرێت لەهەندێك لەگوتەکانی پێشینە سودمەندین کە دەڵێن (قسە بیجوە ئینجا بیکە) مەبەستی جوین شیتەڵکاری زەینییە بۆ ئەوبۆچوونانەی لەرێگایی زارەوە دەردەبڕێت ئەم شیتەڵکارییەش دەکەوێتە سەر قوڵی ئاستی وشیاری کەسەکان کە پێشینان ئەم ئاگاییەیان لەرێگایی ئەزمونی رۆژانەوە وەرگرتوە بۆیە بە چەندین دەستەواژەی وەك ئەمەی سەرەوە گوزارەیان لێکردووە, ئەمەش بەمەبەستی دروست بوونی ئاگایی بە کاریگەرییەکانی دەربڕین, بەڵام تائەمڕۆش ئەم درکەمان هێندە لاوازە کە رۆژانە دەیان وشەودەستەواژە دەردەبڕین وهەست بەبەرپرسیاری ناکەین لەهەمووی ترسناکتر ئەوەیە کاتێك ئەم گوزارانە پانتاییەکی فراوان لە راگەیاندنەکان داگیربکات لەوێشەوە بچێتە ناو نوسینەوە, لێرەوە پێم باشە تیشکێك بخەمە سەرئەوبەرنامەیەی لەشەوی ٢٠٠٥/٥/٢٣/٢٢لەکەناڵی ئاسمانی کوردستان پێشکەشکرا کە خاتوو جوان بابان ئاماژەی بەوەدا

پیاوی کوردهەڵگری هەموو بەها مرۆڤایەتییەکانە ودەبێت رەسەنایەتی خۆمان بەراورد نەکەین لەگەڵ جیهان وژنی کورد ئازادە و لە ژنانی دەوڵەتانی دراوسێی جیایە, پاشان وتی ئێمە کە کاردەکەین نابێت جەبهەیەك دژ بەپیاوان دروستکەین ولەسەر ئەم دەستەواژەیەی پێداگری زۆری کرد. لەکۆتایشدا لەسەرمەسەلەی خۆسوتاندنی ژنان ووتی, ژنی کورد بەپەرەمێژ نان دەکات گەر لە(١٠٠٠)(٢)پەرەمێژی پیادەتەقێ دەکرێتە هەڵ .

ئەڵبەت زیاتر بۆچوونەکان ئاراستەی خاتووجوان و پێشەکەشکاری بەرنامەکەیە چونکە ئەم کەناڵەش وەك کەناڵەکانیدی بۆزخمەتی حیزب وبەرنامەکانی کراوە, بۆیە کاتێك کەش وهەوای گفتوگۆکە بەوئاراستەیەدا بووکە رەگ و ریشەی تۆندوتیژی لەکەلتوری کوردیدا نەفی دەکرد پیاوی کوردی کردە پێشڕەوی ئازاد ئەم سازش وخۆهێنانەوە وخۆگونجاندنە بۆیان ئاساییەو بگرە ئەوبۆچوونانە قەناعەتە لای زۆربەیان کە ئەمەش ئەوشێوە نەگۆڕاوە دەربڕینەیە لەدوای راپەرینەوە بەناوی پیرۆزی کەلتوروداڵسۆزی نیشتمان دەوترێتەوە رۆژ بەرۆژ ئەم شێوە گوتارانە بەهێزتر دەبێت, بۆیە تائەمڕۆش دۆخەکە ئەو دۆخەیە کە قەناعەتی چەندسەدا ڵەی خەڵك گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتوە. دەکرێت بە خاتوخانزاد بڵێین هۆی بێدەنگیت چی بوو لەئاست ئەم بۆچوونانەدا گەر لەبواری ژنانیشدا کارنەکەیت خۆماوەیەکی کەم نیە بەهۆی بەرنامەکەتەوە دەچیتە بەردەم هەندێك کێشە گەرئەمانەش نەبێت هەریەکێك لەئێمە لەماڵی خۆیەوە دەست پێ بکات ئەوا بەرووبی واقعی کۆمەڵگەکەی خۆی دەبینێ, یاخودکاتێك ئەو بۆچوونەی لەسەر خۆسوتاندنی ژنان خستە روو هەربێدەنگ بوویت, ئەمەش پێچەوانەی بۆچوونەکانی ماوەیەك لەمەوپێشتە کە بەرنامەیەکت لەسەرخۆسوتاندنی ژنان ئامادە کردووەوکەناڵەوە پێشەکەشکرا وچەندین ئاماروقوربانیانی ئەودیاردەیەت خستە روو. لێرەوە دەچینە بەردەم خاتووجوان، سەرەتا دڵنیایدەکەم کە ئەمە یەکەمجارە ولەرێگەی ئەو بەرنامەیەوە پێی ئاشنابووم بەڵام ئەمڕۆ کە زەمینەی ئەوە رەخساوە گوتەبێژی مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتی واگرنگ بن ئەم جۆرە تیرۆانینانە قابیلی قبوڵ نیە.

هەرچەند من شارەزایم سادەیە لەرووی شیتەڵکاری زاراوەکان بەڵام ئەوەندەی کە شارەزایم هەبێت, پێم وایە زاراوەی رەسەن زیاتر لە کەلتورە داخراوەکاندا بوونی هەیە و رەسەنیش بەمانای لە بووونەوە بە درووستی هاتووە وقابیلی گۆڕان ورەخنەگرتن وکرانەوە نیە بۆیە زاراوەکانی وەك رەسەن وپڕوزۆگەورە وهتد لەگەڵ پرۆسەی مەدەنی بوون کە پرۆسەیەکە پاشخانێکی ئابوری وسیاسی ومێژویی لەپشتەوە نایەتەوە بەپێی سەرچاوە زانستی وکۆمەڵناسی ودەروونا سیەکانیش مرۆڤ کە دێتەبوون دەکەوێتە ژێرکاریگەری خێزان وژینگەی کۆمەڵایەتی وبۆماوەیی دیارە (پیاوو,ژنی)کورد لە قاعیدە زانستییەکان بەدەر نین, هەرکە لەدایك بن هەڵگری هەموو بەهامرۆڤایەتییەکان بن وقابیلی گۆڕان نەبن گەر بەم گوتەی نیە وژن ومێرد وەك هاوڕێن وخۆشەویستی بوونە ناوبەندی هەمووخێزانەکان!!!!! ئەوهەموتاوانە ئەنجام نەدەدرا... هتد,خاتوون گیان دەکرێت ئێمە چیدی لەداوای ئەوبیرە ئەفسانانە خۆمان رزگارکەین ولەسەر ئەوبنەمایە کاربکەین کەپیاو وژنی کوردیش بوونەوەرێکن وەك تەواوی بوونەوەرەکانی دونیاو کەوتوون ودەکەونە ژێرکاریگەری پەیوەندییە کۆمەلایەتی وئابوری وسیاسییەکان وبەدرنین لەکەم وکوری. تۆکە ئەمڕۆ نوێنەرایەتی رێکخراوێك دەکەیت گرنگە کە بزانیت ئەوقسانەی تۆدەیکەیت ولەکەنالێکی ئاسمانییەوە کاریگەری خۆی هەیە بۆیە تۆوهەموئەوانەی ئەمڕۆبەناوی خەڵکەوە قسەدەکەن گرنگە بەئاگابن:لەم روانگەیەوە تاکی هوشیار گەرخەباتیش بکات ئەوە بۆ نەهێشتنی ناعەدالەتی و دروست بوونی دونیایەکی باشترە بۆ مرۆڤەکان بەهەردوو رەگەزەکەوە, جا قوڕی کوێ بکەین بەسەرماندا کە ئەمڕۆ لەناهوشیاری زۆر لەوانەی خەبات دژ بەتوندوتیژی دەکەن درکی ئەوەیان نیە خەبات بۆگۆڕانکاری کۆمەلایەتی زۆر قورستر لەخەباتی سیاسی وئابوری بێگومان هەرژنێك یان هەرپیاوێك بەمیتۆدێکی مەعریفی کاربکات ئەوە خەباتی چەسپاندنی چەمکە ئینسانییەکان دەکات نەك سەنگەرگرتن .

ئەمە جگە لەوەی کە بەرێزت ئاماژەت بەوەدا کە ژنانی کورد لەژنانی دەوڵەتانی دراوسێیان ئازادترن, کە ئەم شێوە بۆچونێکی دوورلەواقع ولە ژێرکاریگەری رۆژهەلاتناسەکان وهەندێك لە میژونووسەکوردەکانە, کە دەڵێن (ژنی کورد ئازادترن لەژنانی گەلانی دراوسێیان و زۆرجوانن و زووپیر دەبن)نەیان پرسیوە بۆزووپیردەبن هەربە١٢یان١٣ساڵی دراون بەشوو(بەژن بەژن وبنەتۆووسێبەگاوبەدەل هتد)لەگەڵ شوکردنیش ١٠تا١٢منالی بەشفتە ژێ بووە بەبێ پزیشك ورێنمایی پاشان ئەرکی قورسی مالّ لەدەشت ودەرو خۆخواردنەوە لەوهەموو ستەمەی لەسەریانە ئاوا زووپیریان دەکات هەموماشمان بەئاگاین لەماندووبونیان ئەرکی من وتۆیە ئەمڕۆ بە پشت بەستن بەبەڵگەنامە واقعییەکان وەڵامی ئەم میژوە بدەینەوە نەك بێین بیڵێنەوە.

لەبەشێکی تری بۆچونەکانت ئاماژەت بەوەدا کە (ژنی کورد بەپەرەمێز نان دەکەن (٢))دەستوتێن هەندێك رێکخراوشوێن دەیکەنە هەڵ. بۆوەڵامی ئەمە دەکرێت بەشی سوتاوی نەخۆشخانەکان وکارمەندەکانی بێنە وەڵام. ماوە بڵێم چەند دەسەلاّت بەرپرسە لەم وەزعیەتەی هەیە دووئەوندە ئەوانەی ئەمڕۆ دەیان ژن وپیاوی نەخوێندەوار چاوی هیوایان لەکارەکانی بڕیوە بۆیە گرنگە لەئاستی بەپرسیارێتیدا بین .